# ڕونكردنەوەیەك لەمەكتەبی سیاسی حیزبی دیموكراسیخوازانی كوردستانەوە

ڕۆژی 2007/7/7 كۆمەڵێك برادەری دابڕاو لەسیاسەت و سەركردایەتی دیموكراسیخوازان ڕاگەیەندراوێكیان بلاوكردۆتەوە و كۆمەڵێك شتی ناڕاست و دروستیان تیادا بلاوكردۆتەوە كە بەپێویستمان زانی بەم ڕونكردنەوەیە بەرچاو ڕونیەك بدەینە خەڵكی كوردستان .

هەر لەسەرەتاوە ئەو كۆبونەوەی ئەوان كردویانە ناكۆكە بەپەیڕەوی ناوخۆو یاسای دیموكراسیخوازان . چونكە لەكۆی 12ئەندامی كۆمیتەی سەركردایەتی ئەوان تەنها 6 ئەندامیان بۆكۆكراوەتەوە , كە ئەم ڕاستیە دەیسەلمێنێت ئەو كۆبونەوەیە كۆبونەوەی ( دارودەستەیەكی دابڕاو لەدیموكراسیخوازانە ) نەك كۆبونەوەی سەركردایەتی . بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ , بەو شەش كەسەوە نەئەتوانن كۆبونەوە بكەن نەئەیشتوانن بڕیار لەسەر هیچ شتێك بدەن .

دەربارەی دەست لەكاركێشانەوەی هاوڕێ شكراللە سكرتێری حیزبی دیموكراسیخوازان , ڕاستە ئەوداوای دەست لەكاركێشانەوەی كرد بەلاَم زۆرینەی سەركردایەتی داواكەی قبوڵ نەكرد و پێیان باش بوو هەر وەكو سكرتێر بمێنێتەوە , بۆیە هەر لەهەمانكاتدا داوای وەرگرتنەوەی نوسراوی دەست لەكاركێشانەوەكەمان كرد بەلاَم كاك سامان عەلا لای خۆی گلی دایەوەو هەڵی گرت بۆمەبەستی تایبەتی , ئەوەبوو ئێمە لەكۆبونەوەكەدا دانیشتبوین لەئینتەرنیتدا هەواڵی دەست لەكاركێشانەوەكە بلاوكرایەوە .

لەڕاگەیەنراوەكەی ئەواندا ناوی هەر یەك لە ( بەختیار مستەفا , محمد حسین , سەید ئەنوەر )هاتووە كەدەست لەكاركێشانەوەیان قبوڵكراوە ئەمەش درۆیەكی زۆرگەورەیە چونكە ئەم سێ هاوڕێیە هیچیان دەستیان لەكار نەكێشاوەتەوەو داوای دەست لەكاركێشانەوەیشیان نەكردووە , لەوەئەچێت برادەرانی مەڵبەندی سلێمانی تەكلیفی دورخستنەوەی ئەم برادەرانەیان لێكرابێت بۆیە وا بەتەنگی وازپێهێنانیانەوەن . ئێمە پێمان سەیرە برادەرانی سلێمانی هێندە بێشەرمانە باسی شكست لەكاری حیزبیدا ئەكەن ! كێ شكستیخواردووە : ئەوانەی واهەردەم ئامادەبوون دیموكراسیخوازان دووكەرتبكەن لەبەرموچەیەكی مانگانەی بچوك , یان ئەوانەی لەبەرەی خەڵكی ناڕەزای شارەكانی كوردستاندا تێئەكۆشێت و بوەتە ئامانجی دەیان پیلان و دەستتێوەردانی ئەملاو ئەولا !؟.

گرفتێكی تری كۆبونەوەكەی ئەم تاقمە ئەوەیە هیچ شارەزاییەكیشیان لەپەیڕەوی ناخۆی دیموكراسیخوازاندا نیە ئەگینا چۆن هەر لەخۆیانەوە دووئەندامی یەدەك ئەكەنە ئەندامی ئاسایی سەركردایەتی , كەئەم جۆرە بڕیارانە پێویستی بەدوو لەسەر سێی دەنگی سەركردایەتی هەیە بەپێی ( بڕگەی 4 ی بەندی 9 لەپەیڕەوی ناوخۆ ) بەلاَم ئەوان بەنیوەی سەركردایەتیەوە ئەیانەوێت تێیبپەڕێنن .

ئێمە نامانەوێت جوابی هەندێك قسەی تری بێبنەما بدەینەوە كە هەر لەسەرەتاوە سەرگەردانی و پشێوی ئەو برادەرانە خۆیان دەر ئەخات . بۆجارێكی تریش وەفاو دڵسۆزی خۆمان بۆخەڵكی كوردستان و هەموو هاوڕێیانی دیموكراسیخوازان دووبارەئەكەینەوە و بەڵێن ئەدەین كە هەر بەردەوام بین لەخەبات و تێكۆشانی خۆمان و زەخت و فشاری هیچ لایەك كۆڵمان پێنادات .

مەكتەبی سیاسی

حیزبی دیموكراسیخوازانی كوردستان

2007/7/9